
# لاپداك بەرهەمێكی نوێ لە تەكنەلۆژیادا



لاپتۆپ، دیسكتۆپ، تەبلێت، مۆبایل... ئەوانە ئەو ئامێرە تەكنەلۆژیە نوێیانەن دیتوتانن و بەكارتان هێناون، دوو ساڵ لەمەوبەر، ئامێرێكی نوێش بەرهەم هات كە هەم تەبلێتە و هەم لاپتۆپ.. لە كۆتایی ساڵیشدا ئامێرێك بەرهەم هاتووە كە هەم مۆبایلەو هەم لاپتۆپ..

میرابوك (mirabook) ئامێرێكە چوارچێوە و ستایلەكەی وەك لاپتۆپێك دەچێت، بەڵام لاپتۆپێك كە هیچ سیستەمێكی لەسەر نییە، بەڵكو بە دانانی مۆبایلەكەی خۆت ئەگەر گەلەكسی S8 یان hwawi huawei mate 10 بێت لە شوێنێك كە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە ئەوە ناوەڕۆكی سەر مۆبایلەكەت لەسەر شاشەی لاپتۆپەكە نیشان دەدرێت.

(میبرابوك) پێكهاتووە لە هەیكەلەكەی لاپتۆپ، كیبۆرد، ماوس و پەد و شاشەیەكی ١٣,٣ ئینجی. شوێنی دانانی USB-C دوو شوێنی USB 3... هەربۆیە جگە لە میرابوك پێیدەگوترێت (لاپ داك).. كاری (لاپ داك)ەكە ئەوەیە كە بتوانی فیلمەكانی سەر مۆبایلەكەت بە كوالیتیەكی بەرزتر ببینی، یان ئەو پرۆگرامانەی لەسەر مۆبایلەكەن و بەهۆی بچوكی شاشە و كیبۆردی موبایل ناتوانی بە باشی سوودیان لێوەربگری لەم (لاپ داك)ە بە باشی سوودیان لێببینی..

# كۆمپیوتەری گەیمینگی جیاواز



چەند ساڵێك لەمەوبەر ئامێرەكانی یاری ئەلكترۆنی لەناو ئامێرە دیجیتالییەكاندا لە لوتكەدابوون، وەك پلەی ستەیشن، نیتیندۆ، ئیكس بۆكس، سۆنی، سیگا...تاد.. دوای ئەوەی مۆبایلەكان بەرەو زیرەكی رۆیشتن و یاری ئەلكترۆنی لە موبایلەكاندا هاوتای یاری ئامێرەكانی دیكەیان لێهات، بازاڕی ئەوانە بەرەو ساردی رۆیشت..

كۆمپیوتەر خۆی هەرچەندە تایبەت بە گەیم نییە، بەڵام یاری پێدەكرێ.. لەگەڵ ئەوەشدا كۆمپیوتەر هەیە تەنیا و تەنیا بۆ گەیم دروست دەكرێت، كۆمپیوتەری گەیم دەبێ لەگەڵ كۆمپیوتەری دیكە جیاواز بێت، كارتی شاشەی زۆر بەهێز، رامێكی زۆر بەهێز، تایبەتمەندییەكانی دیكەشی لە پلەی بەرزدابن.. كۆمپیوتەری گەیمینگی ZOTAC MEK1 یەكێكە لەو كۆمپیوتەرانەی تایبەت بە گەیم..

ستایل و دیزاینی كۆمپیوتەرەكە سەرنج راكێشە و لەگەڵ ئەوەشدا تواناكانی پێشكەوتوون، بۆ نمونە دەكرێ ئاماژە بە سیستەمی رووناكی spectra بكەین. بەهێزترین پرۆسیسەری تێدایە وەك ئەوانەی لە corei7دا بەكارهاتوون. كارتی گرافیكی لە جۆری GTX1000ە. رامەكەی ١٦ گیگابایتە و هاردەكەی یەك ترابایتە. دوو رەنگی سپی و رەشی هەیە. ویندۆز ١٠ی ٦٤ بیتی لەسەرە.

# مایكرۆسۆفت گۆڕانكاری لە لاپتۆپی سێرڤێس دەكات



لاپتۆپی سێرڤێسی مایكرۆسۆفت واتە Surface بە یەكێك لە باشترین لاپتۆپەكان دادەنرێت، لەم دواییەدا مایكرۆسۆفت نەوەیەكی نوێی ئەم لاپتۆپەی بەرهەم هێنا كە بە Surface Book 2 ناسراوە، مایكرۆسۆفت رایدەگەیەنێ كە لاپتۆپی ناوبراو دوو قات بەهێزترە لە لە لاپتۆپی جۆری ماك بوكی كۆمپانیای ئەپل.

یەكێك لە تایبەتمەندییە گرنگیەكان بوونی باترییەكی بەهێزە كە دەكرێت هەتا ١٧ كاتژمێر دانەبەزێت.

ئەم لاپتۆپە نوێیە دوو جۆری هەیە بچووك و گەورە، ١٣,٥ ئینجی و ١٥ ئینجی.. ئاستی بریقە

# هێدستی واقیعی مەجازی سامسۆنگ




هەر ساڵێك کە تێدەپەڕێ جیهانی تەکنەلۆژیا گۆڕانکاری گەورە بە خۆوە دەبینێ، یەکێك لە بەرهەمە نایابەکانی ساڵی ٢٠١٧ی تەکنەلۆژیا هێدستی واقیعی مەجازی سامسۆنگ بوو.. بۆ روونکردنەوەی زیاتر واقیعی- مەجازی تەکنەلۆژیایەکی نوێیە، بەکارهێنەر هەست پێدەکات لە جیهانی واقیعیدایە بەڵام لە راستیدا جیهانی مەجازییە..

هێدستی ئودیسە (Samsung HMD Odyssey) پێکهاتووە لە دوو شاشەی ٣,٥ ئینجی و بە قوڵایی ١١٠ پلە.. نیشاندانی شاشەکان ١٤٤٠×١٦٠٠ پیکسلە و ٦٠ فرێم لە چرکەیەکدایە. چەندین هەستەوەری تایبەتی لەگەڵدایە، وەك هەستەوەری ئاراستە نوێن، ژیروسکۆپ، بەرزی و نزمی و دوو دووربینی تایبەتی لەسەرە بۆ ئەوەی کە لەکاتی سەیرکردندا بە دیوار یان بەکەلوپەلی ماڵەوە نەکەوی. بڵندگۆکانی دەنگ دەکەنە سێ رەهەندی و بۆ ئەوەی بەکارهێنەر هەست بکات بەراستی لە جیهانی واقیعی دایە.



# پاوەربانکێکی زۆر جیاواز

تەواو بوونی شەحنی باتری موبایل بۆ ئەوانەی لەکاتی پێویستیدا تووشی دەبن گرفتێکی گەورەیە، پاوەربانکەکان هەتا رادەیەك کێشەکەیان چارەسەر کردووە، بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی بێ کارەبای وەك ئەم هەرێمە..

پاوەربانکەکان دەتوانن لەکاتێکی وادا بە فریای بەکارهێنەری موبایل بن، بەڵام زۆربەیان گەورەن و شوێن دەگرن، پاوەربانکی (finger pow) رێگا چارەیە بۆ هەموو ئەوانەی کە بەدوای پاوەربانکێکی بچووك دادەگەڕێن، کێشی (فینگێر پاو) تەنیا ١٥ گرامە، موگناتیسیە و بە شوێنی شەحنکردنەوە دەنووسێ لە ماوەی ٣٠ خولەکەدا دەتوانێت ٢٥ شەحن بۆ موبایلەکە دابین بکات. خودی پاوەربانکە مایکرۆکە شەحن دەبێتەوە و شوێنێکی هەیە جێگای چوار (فینگێر پاو) دەبێت. بە هەر چواریان دەتوانن موبایلێك شەحن بکەنەوە..



و روونیان زۆر لەسەرێیە. قەڵەمی تایبەتی سێرڤێسیان لەگەڵە. سیستەمی فێنك کەرەوەی بەهێزی هەیە. ١٥ ئینجییەکەی پرۆسیسەری جۆری core i7ی لەسەرە. ئەوەی دیکەیان core i5 یان لەسەرە. خاڵێکی دیکە کە دەبێ باس بکرێ گۆڕانکاری لە کارتی شاشەی داکراوە و بەهێزترین کارتی گرافیکی بۆ داناوە. شوێنی داکردنی داتا واتە هاردی لاپتۆپەکە لە ٢٥٧ گیگابایتەوە هەتا ١ ترابایتە.

# کۆمپیوتەرێک بۆ پاراستنی چاو و ئەمنیەتی بەهێز

یەکێك لەو نیگەرانیانەی سەبارەت بە کۆمپیوتەر هەیە، ئەوەیە کە رووناکییەکەی دەبێتە هۆی ئازاردانی چاوی بەکارهێنەر و لە درێژمەودادا تووشی زیانێکی زۆری دەکات.

کۆمپانیای لینۆڤۆ کۆمپیوتەری جۆری IdeaCentre AIO 520 بەرهەم هێناوە، کۆمپیوتەرێکی دیسکتۆپی یەك پارچە، شاشەی کۆمپیوتەرەکە ٢٢ ئینجە، لە بواری دیزاینەوە سەرنج راکێشە. سیستەمی anti glare واتە دژی تیشکدانەوەی تێدایە کە بەرگری لە تیشکە زیانبەخشەکان دەکات و چاوەکانت ماندوو ناکات.

شاشەکەی لەمسیە و لە یەك کاتدا دەتواندرێت هەر دە پەنجە بەکار بهێندرێت. سیستەمی فەرمانی Cortanaی تێدایە کە بەهۆیەوە دەکرێت بە دەنگی بەکارهێنەر وەڵامی فەرمانەکان بداتەوە، وەك کردنەوەی پرۆگرامە پێویستەکان، رێکخستنەوەی یادەوەرییەکان، تەنانەت ئەگەر پێنج مەتریش لە کۆمپیوتەرەکە دوور بی وەڵام دەداتەوە.

سیستەمی ناسینی روخسار واتە windows helloی تێدایە، بەهۆی کامێرای تیشکی سەرووی سوور، روخساری کەسەکان دەناسێتەوە. هەرکاتێك بەکارهێنەر بۆ دوو چرکەش لە کۆمپیوتەر دووربکەوێتەوە، ئۆتۆماتیکی دادەخرێ، ئەگەر گەڕایەوەش دەکرێتەوە. وێبکەمەکەی وەك پارچەیەك بە جیایە، واتە دەکرێت لە دیسکتۆپەکە بکرێتەوە و لەکاتی خۆی دابندرێتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئایا دەکرێت لە پرۆگرامی word دا فایلی PDF بکەوەو دەستکاری بکەم؟**


خوێنەری بەڕێز کە ئەگەر پرۆگرامی wordەکەت هی ساڵی ٢٠١٣ بێت بە ئاسانی دەکرێت، سەرەتا بچو بۆ لاپەڕەیەك بکەوە و پاشان بچو سەر file لەوێدا لە بەشی open فایلە pdfەکەت بکەوە، دەبینی بە ئاسانی کرایەوە، ئەگەر فایلە pdfەکە ئینگلیزی یان عەرەبی بێت بە ئاسانی دەستکاری دەکرێت، بەڵام بۆ کوردی تێکی دەچێ، دوایی ئەوەی کە سەیڤت کرد، بێ گرفت هەر بە شێوەی pdf دەکرێ هەر بە پرۆگرامی word بیکەوەیە، بەڵام بۆ ئاگاداریت ئەو فایلانەی کە کۆدی نهێنیان لەسەر داندراوە دەستکاری ناکرێن و نابنەوە..

# کەڤەرێکی موبایل بۆ زانینی رێژەی شەکرە



گشت ئەو ئامێرانەی بۆ کاری پزیشکی و تەندروستی بەکەڵك دێن و بە جیا هەن وەك ئامێری پێوانی شەکرە، ئامێری پێوانی زەختی خوێن.. ئامێری شیکاری دڵ، سۆنەر..تاد. رۆژێك دێت هەموو ئەوانە نامێنن و تەنیا مۆبایلەکەت ئەو ئەرکانە بە تەنیا ئەنجام دەدات، هەر لە ئێستادا بەشێك لەو ئامێرانە تایبەت بە مۆبایل بەرهەم هاتوون، وەك کەڤەری Gponeی موبایل کە بۆ دیاریکردنی ئاستی شەکرە لەوانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە.

کەڤەرەکە لە باتری موبایلەکە بۆ وزەی خۆی سوود وەردەگرێ، لە گۆشەیەکی کەڤەرەکەدا شوێنی تایبەت بە دانانی خوێن بۆ زانینی ئاستی شەکر هەیە. هەرچەندە کەڤەرەکە جارێ بڵاونەکراوەتەوەو نەکەوتۆتە بازاڕ، چونکە زانایانی ئەم بوارە پێیان وایە هەندێك کەموکوڕی هەیە و پێویستە ئەم کەموکوڕیانە چارەسەر بکرێن دوایە بەئاستێکی بەربڵاو بەرهەمی بێنن..




# پرۆگرامێک بۆ هێنانەوەی وێنە سڕاوەکان

پرۆگرامێکەکانی تایبەت بە هێنانەوەی فایل و وێنە سڕاوەکان گەلێکن، زۆربەی پرۆگرامەکانی گەڕاندنەوەی فایلە سڕاوەکان، گشت فایلەکان دەگەڕێنەوە، کەمتر پرۆگرام هەیە تایبەت بە مەبەستێکی دیاریکراو، وەك گەڕاندنەوەی فایەکانی word یا وێنە.. پرۆگرامی Photo Recov-er-Center یەکێکە لە بەهێزترین پرۆگرامەکانی گەڕاندنەوە کە تەنیا تایبەتە بە وێنەی سڕاوە. ئەم پرۆگرامە وێنە سڕاوەکان بە هەموو جۆرە فۆرماتێکەوە دەگەڕێنێتەوە. خودی پرۆگرامەکە بچووکە.. بەرلە گەڕاندنەوەی بە ئایکۆنێکی بچووك وێنە سڕاوەکان نیشان دەدات و بەکارهێنەر سەریشك دەکات کام وێنەی بۆ بگەڕێنێتەوە، چونکە زۆربەی پرۆگرامەکانی گەڕاندنەوە گشت فایلێك دەگەڕێنەوە کە ئەمەش دەبێتەهۆی تێکەڵ پێکەڵی و سەرلێشواندنی بەکارهێنەر.. ئەمەی خوارەوەش بەشێکە لەتایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە:

- گونجان لەگەڵ گشت جۆرە میمۆرییەك..
- بەکارهێنانی ئاسان
- هاوئاهەنگی لەگەڵ گشت فۆرماتێکی وێنە
- هێنانەوەی فایلە ڤیدیۆیەکان
- گونجان لەگەڵ هەموو سیستەمێکی ویندۆز....



## ماڵپەڕێک بۆ نووسینی دەق لەسەر وێنە

جار هەیە بە خێرایی نیازت هەیە چەند دێڕێك لە سەر وێنەیەك بنووسی و لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی وەك فەیسبوك یان تێلگرام بڵاویکەیەوە، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دەبێ سوود لە کۆمپیوتەر و پرۆگرامی تایبەتی گرافیکی وەك فۆتۆشۆپ یا هاوشێوەکانی وەربگری، بەڵام ئاسانترین ڕێگا بەبێ ئەوەی سوود لە هیچ پرۆگرامێك وەربگری و ئەرکەکەت ئەنجام بدەی سەر لە سایتی http://www.i2symbol.com بدە، ماڵپەڕێك بە ئاسانی نووسینەکەت بۆ دەخاتە سەر وێنەیەك یان باکگراوەندێکی سەرنج ڕاکێش. دیارە ماڵپەڕەکە یەکێك لە خزمەتگوزارییەکانی ئەوەیە ئەگینا چەندین خزمەتگوزاری دیکەی تێدایە دەتوانی سوویان لێ ببینی..

## منداڵان بۆخۆیان ڕۆبۆت دروست دەکەن

دونیای ڕۆبۆت هەر نەبۆتە خولیای زانایانی ئەم بوارە بەڵکو قوتابیانی زانستی و منداڵانی دیکەشی گرتۆتەوە، کۆمەڵە ئامرازێکیش هەن بۆ فێرکردنی ڕۆبۆت دروست کردن بۆ منداڵان. ئامێری (codey rocky) لە نوێترین ئامرازەکانە. ئەم ئامێرە خاوەنی چوار تایەیە و دەتوانێت بە هەموو شوێنێکدا جوڵە بکات، شاشەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە. منداڵان لەسەرەتادا دەبێ بۆ سوود وەرگرتن لەم ڕۆبۆتە سەرەتاییە دەبێت لە پرۆگرامێکی گرافیکی تایبەت بە بەرنامەنووسی سوود وەربگرن و فەرمانەکان بۆ ئامێرەکە دەستنیشان بکەن.

